https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.23

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە ڕاگەیاندندا، بەپێی دابەشکاریی لیچ

سامان عومەر سیدگوڵ        پ. ی. د. نەوزاد ئەنوەر عومەر

بەشی زمانی کوردی-فاکەڵتیی پەروەردە-زانکۆی کۆیە

samanomer24@gmail.com

nawzad.anwer@koyauniversity.org

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا جۆرەکانی واتا بەپێی دابەشکاریی لیچ لە دەقی هەواڵی ڕاگەیاندندا خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن لە ئاستی واتاسازیدا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، چونکە کاری یەکەمی ڕاگەیاندن بۆ گەیاندنی ئەو واتایەیە، کە ڕاگەیاندنەکە ئامانجیەتی، بە جۆرێک هەر وشە و ڕستە و فرێز و دەقێکی ڕاگەیاندن لەپێناو گەیاندنی واتای مەبەستە، ئەو واتا مەبەستانەی ناو هەواڵی ڕاگەیاندنەکان لە ڕێگەی جۆرەکانی واتاوە لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە، هەرچەندە دابەشکاری و جیاکردنەوەی جۆرەکانی واتا توێژینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە، بەڵام لێکدانەوە و شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە ڕاگەیاندندا بەپێی دابەشکاریی (لیچ) کارێکی نوێیە.

وشە کلیلییەکان: زمان، ڕاگەیاندن، جۆرەکانی واتا، ڕاگەیاندنی بیستراو، ڕاگەیاندنی بینراو، ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو.

## شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە ڕاگەیاندندا، بەپێی دابەشکاریی لیچ

### پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە ڕاگەیاندندا، بەپێی دابەشکاریی لیچ)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە سەردێڕ و دەقی هەواڵیی ڕاگەیاندنەکان، هەرچەند جۆرەکانی واتا چەندین پۆلێنکردنی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەژێر ڕۆشنایی دابەشکارییەکەی (لیچ) بۆ جۆرەکانی واتا شیکردنەوەی کردووە.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** توێژینەوە دەیەوێت ئەوە نیشانبدات، کە دەق و تێکستە هەواڵییەکان لە ڕاگەیاندندا جگە لە واتای فەرهەنگی، وشەکان هەڵگری چەندین واتای دیکەی بارکراون، ئەو جۆرانەی واتا زۆرجار بە مەبەست و بۆ گەیاندنی پەیامێکی تایبەت، ڕاگەیاندن پەنای بۆ دەبات.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** پیشاندانی واتای وشە و ڕستەی ناو سەردێڕ و دەقی هەواڵیی ڕاگەیاندنی بینراوە، کە جگە لە واتای فەرهەنگی، هەڵگری چەندان واتای دیکەی بارکراون.

**کەرەستەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی شیکردنەوە بۆ ٣١ سەردێڕ و دەقی هەواڵیی ٨ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ی هەریەکە لە ڕاگەیاندنە کوردییەکانی ( Rudaw, NRT, GK, KNN, K24) کراوە، بەپێی پێویستی و بۆ بەراوردکردن، سیمای واتایی هەندێ لە وشەکان خراونەتەڕوو، دەقی هەر هەواڵێکیش وەکخۆی و بێ دەستکاری بە هەڵەی ڕێنوسی و خاڵبەندی و واتاییشەوە ئەگەر هەبووبێ نووسراونەتەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوەی ڕێبازی ڕێبازی وەسفی-شیکاریی کراوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پوختە و پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم (زمان و ڕاگەیاندن) ڕوانین لە زمان بە پێی تێڕوانینی کۆن و نوێ خراوەتەڕوو، ڕاگەیاندن و جۆرەکانی ڕاگەیاندن و زمانی ڕاگەیاندن، تەوەرەیەکی دیکەی ئەم بەشەن. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا، بە خێرایی ناساندنێک بۆ واتا و جۆرەکانی واتا لەلای زمانەوانان خراوەتەڕوو، دواتر دابەشکاریی (لیچ) بۆ جۆرەکانی واتا پەیوەست بە دەقی هەواڵی لە ڕاگەیاندندا باسی لێوەکراوە.

## بەشی یەکەم

### ١-٠ زمان و ڕاگەیاندن

زمان و ڕاگەیاندن وەک دوو باسی توێژینەوەکە، هەریەکەیان بەجیا چەندین تایبەتیەتی و ئەرکیان هەیە، بەیەکیشەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و کارلێکی لە نێوانیاندا هەیە. زمان کەرەستە خاوەکەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە، لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بڕوانیتە ڕاگەیاندن زمان دەبینیت، بەو مانایەی ڕاگەیاندن بەبێ زمان بێ ڕوح دەکەوێت و توانای گەیاندنی پەیامەکانی نابێت، قۆناغەکانی پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کاریگەریی لەسەر گەشە و نوێبوونەوەی زمانیش دروستکردووە، بۆیە ڕاگەیاندنەکان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە بتوانن زمان وەک ئەوە بەکاربهێنن، کە جەماوەر دەیەوێت، چونکە شکست و سەرکەوتنی ڕاگەیاندن بەهۆی زمانەوەیە.

## ١-١ زمان

لەبارەی زمان و پێناسەیەکی گشتگیر بۆ زمان، کۆمەڵێک باس و پێناسە کراون، هەریەک لە زمانەوانان و فەیلەسوفان، لە ڕوانگە و تێڕوانینی پسپۆڕیی خۆیانەوە پێناسەیان کردووە، ئەمەش وایکردووە ڕاستی و دروستیی پێناسە و باسەکان، کە بۆ زمان کراون ڕێژەیی بن، بەمەش جۆرێک لە ئاڵۆزی و ناهاوڕایی دروستبووە.

لە کۆندا ڕوانین لە زمان زیاتر ڕوانینێکی ئاینی بووە، لەنێوان ڕوانگەی زمان وەک دیاردەیەکی خواکرد یان مرۆڤکرد، یەکەمیان لا پەسەندبووە، وەکو دیاردەیەکی پیرۆز لە زمانیان ڕوانیوە، (پانینی)، کە ڕێزمانی زمانی سانسکریتی داناوە، پیاوە ئاینییەکانی هیند وشە و خوێندنەوەی کتێبەکەیان زۆر لەلا پیرۆز بووە، بە جۆرێک هەر گۆڕانکارییەک بەلایانەوە واتای پێشێلکردنی پیرۆزیی ئەو زمانە بووە، واتە هیندییەکان پیرۆزیی ئاین و زمانیان هاوتای یەک دەکرد، بە جۆرێک لە ڕێگەی گرنگیدان بە زمانی سانسکریتییەوە مەبەستیان بووە کتێبی پیرۆزی (ڤیدا) بپارێزن لە هەر گۆڕانکارییەک (ناوخۆش، ٢٠٠٥: ١٠). تێڕوانین بۆ زمان لە زانستی زمانی ئەمڕۆدا تێڕوانینێکی زانستییانەیە، بە جۆرێک زمان لە خزمەتی کۆمەڵگادا لەگەڵ پێویستی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی قابیلی گۆڕانە.

زانستی زمانی نوێباو، زمان وەک هۆ و ئامێری کردەی پەیوەندی و لە یەکگەیشتن (گەیاندن) communication پێناسە دەکات، بەمجۆرە کاتێک مامەڵە لەگەڵ هەر جۆرێکی زماندا-زمانی دەستوری و باڵا (زمانی ستاندارد)، زمانی زانست، زمانی ڕاگەیاندن و زمانی ئەدەب و وێژەوانی دەکەین، دەبێت لەسەر ئەو پێویستییە بببینین، کە بۆ گەیاندن، بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن و لە یەکگەیشتنە (مەحویی-سەعید، ٢٠١١: ٨٧).

زۆربەی زانایانی زمان و کۆمەڵناسی و دەروونناسیش، زمان بە بناغەیەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێن، هەروەها زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن و پێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و هەست و سۆز و لە بنیاتنانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە ڕێگەی زمانەوە بەرژەوەندییە مرۆییەکان دەپارێزرێن (عەبدوڵڵا، ٢٠١٥: ١٧٦).

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەوە، ئەوەی لەسەر زمان وەک زانست زۆر باسدەکرێت ئەوەیە، کە زمان هۆکارێکە بۆ گرێدانی پەیوەندی و لەیەکترگەیشتن لەناو کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەوە تاکە هۆکار نییە، لەپاڵ ئەوەدا زمان ڕەهەندێکی سیاسی و نەتەوەیی وەرگرتووە، وەک ناسنامە و مانەوەی نەتەوە سەیردەکرێت.

بۆیە ئەگەر زمان ئەوەندە لە تەواوی چالاکییەکانی کۆمەڵگادا ڕۆڵبگێڕێت، ئەوان بۆ چالاکیی ڕاگەیاندن زیاتر و زیاتریش گرنگترە، کەواتە زمان لە ڕاگەیاندندا، ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندنە، کە پێی دەپەیڤێت و ڕۆڵی تیایدا دەگێڕێت، بەو مانایە زمان ئامرازێکە، کە ڕاگەیاندن پەیامەکەی خۆی بە نێرەرەکانی دەگەیەنێت و بۆچوونەکانی لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازێتەوە و گوزارشت لە ناوەڕۆکیان دەکات، ئینجا هەرچەند ئەو زمانە پێگەیشتوو و تەواو بێت ئەوا پەیامی ڕاگەیاندنەکەش کاریگەرتر دەبێت (الشريف-ندا، ٢٠٠٤: ٧-٨).

## ١-٢ ڕاگەیاندن

بۆ ئەمڕۆ ڕاگەیاندن بووە بە پێویستییەکی گرنگی ژیان و کۆمەڵگای سەردەم، هۆکارێکی گواستنەوەی خێرایە لە جیهاندا، هۆکارێکی گرنگی ئاگایی و ڕەوینەوەی نائاگاییە لە ڕووداو و پێشکەوتنەکانی دونیا، ئەڵقەیەکی بەهێزی گرێدان و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان تاکەکان. ئەگەر ئەمە باشی و لایەنە ئەرێنییەکەی ڕاگەیاندن بێت، هاوکات ڕاگەیاندن

ڕۆڵی نەرێنی و کوشندەی لە هەڵگیرساندنی شەڕ و ئاشوب، ململانێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بەلارێدابردنی ڕاستی و تێکدانی باری دەرونیی جەماوەردا هەیە، هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی پەیام و زمان و کۆدی میدیاییەوە کاری لەسەر دەکرێت.

لە ئاستی زماندا، زاراوەی ڕاگەیاندن بە جۆرێکە لای هەر میللەت و نەتەوەیەک زاراوەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە، لەناو کورد (ڕاگەیاندن، میدیا)، کە بەرانبەر (اعلام)ی عەرەبی و (Press, Information ,Media)ی ئینگلیزی و (رسانە)ی فارسی بەکاردەهێندرێت، ئەوە جگە لەوەی لە زمانەکانی دیکەی دونیادا زاراوەی جیاواز بەرانبەری بەکاردەهێندرێت.

لە ڕووی زمانەوانییەوە پێکهاتەی وشەی (ڕاگەیاندن) داڕێژراوە، لە پێشگری (ڕا) لەگەڵ چاوگی (گەیاندن) پێکهاتووە، واتاکەی مەبەستی گەیاندن و وەرگرتنی بیروڕا و هەواڵ و زانیارییە، ڕاگەیاندن کارێکی جەماوەری و تاکەکەسییە (عمر، صابر، ٢٠١٧ :١٣٨). جەماوەرییە بەو واتایەی جەماوەر بەشداری کارای هەیە لە پرۆسەکە و پەیامەکە بۆ جەماوەرە. تاکەکەسییە بەو واتایەی تاکەکەس پەیامەکە ئاڕاستە دەکات لە ڕێگای هۆکارەکانی گەیاندنی (تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە...هتد).

ڕاگەیاندن "پرۆسەیەکە تیایدا نێرەر و وەرگری پەیام لە بابەتێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا کارلێک دەکەن، لەم کارلێککردنەشدا بیروبۆچوون و زانیاری سەبارەت بە کێشەیەکی دیاریکراو لەنێوان تاکەکاندا دەگوازرێتەوە (کەرکوکی، ٢٠٠٨: ٧).

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا (Media) بریتییە لەو ڕێگا سەرەکییانەی، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی زانیاریی لێوەردەگرن و کاتی خۆشی لەگەڵ بەسەردەبەن، کە پێکهاتوون لە (تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و ئینتەرنێت) (Oxford Dictionary, 2005 : 953). کارێکی زەحمەتە بتوانیت بیر و

خەیاڵت بەلای کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی دیموکراسیی هاوچەرخدا بەریت بەبێ بوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، هەروەها ئەستەمیشە ڕاگەیاندنێکی پێشکەوتوو و متمانەپێکراو بەڕێوەببرێت بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی پێشکەوتوو (مەکاوی-ئەلشەریف، ٢٠١١: ١٥). واتە ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە بەستراوی یەکترن، ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو کۆمەڵگەی پێشکەوتوو نیشاندەدات، کۆمەڵگەی پێشکەوتووش ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو دروستدەکات.

### ١-٣ جۆرەکانی ڕاگەیاندن:

ئەو گرنگی و کاریگەرییەی ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵگادا، وایکردووە وەک هەوێنی دیموکراسی و بنەمایەکی گرنگی شارستانی و پێشکەوتن و ژیاریی هەر وڵاتێک سەیربکرێت، ئەم گرنگییە هێزی داوە بە ڕاگەیاندن، تا وەک دەسەڵاتی چوارەم لەپاڵ دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری) بناسێندرێت، هەر گرنگی ڕاگەیاندنە، کە چەندین جۆری جیاوازی ڕاگەیاندنی دروستکردووە.

بەپێی چەند بنەمایەک جۆرەکانی ڕاگەیاندن پۆلێندەکرێن بەسەر:

١- پەیوەست بە بنەمای ناوەڕۆک و بابەتەوە، جۆرەکانی ڕاگەیاندن دابەشدەبێت بۆ:

آ- ڕاگەیاندنی سیاسی.

ب- ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

پ- ڕاگەیاندنی ئابوری و بازرگانی.

ت- ڕاگەیاندنی ئاینی.

٢- پەیوەست بە سنووری جوگرافییەوە ڕاگەیاندن دابەشدەبێت بۆ:

آ- ڕاگەیاندنی لۆکاڵی: پەخش و بەرنامەکانی بۆ سنوورێکی دیاریکراو و ناوخۆییە.

ب- ڕاگەیاندنی نیشتمانی: پەخش و پەیامەکەی لە سنووری هەرێم و نیشتمانێکی

دیاریکراودایە.

پ- ڕاگەیاندنی هەرێمایەتی: سنووری هەرێم و نیشتمانی ناوخۆ دەبڕێت بۆ وڵاتێکی دراوسێ.

ت- ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی: پەخش و پەیامەکەی بۆ هەموو جیهانە (حەسەن، ٢٠١٥: ٧-٨).

٣- پۆلێنکردن لەسەر بنەمای جۆر: مەبەست لە پۆلێنکردنە لەسەر بنەمای جۆری کەناڵی گەیاندن، کە پێبەپێ بە قۆناغ لەگەڵ پێشکەوتنەکان لە جیهاندا گۆڕانکاری ڕوویداوە، دەستپێک لە ڕاگەیاندنی چاپ (بینراو)ەوە، کە ڕۆژنامە بووە، بەرەو ڕاگەیاندنی بیستراو(ڕادیۆ) و دواتریش کۆکردنەوەی بینراو و بیستراو لە تەلەڤزیۆندا خۆی بینیەوە بەمشێوەیە:

**آ- ڕاگەیاندنی نووسراو:** مەبەست لە ڕاگەیاندنی نووسراو (ڕۆژنامە)یە بە پلەی یەک، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا، بابەتە نووسراوەکان لە پێگە ئەلکترۆنییەکان وەک (میدیای ئەلکترۆنی نووسراو) سەیردەکرێن، لەم جۆرەی ڕاگەیاندندا خوێنەر بەتەنها پشت بە هەستی بینین دەبەستێت.

میدیای چاپکراو یان بینراو، وەک یەکەم هەوڵی بواری ڕاگەیاندن، مێژووەکەی بۆ دەرکەوتنی چاپ لە سەدەی پازدە لەلایەن گۆتەنبێرگەوە دەگەڕێتەوە، ئەم داهێنانە خاڵی وەرچەرخان بوو لە پیشەسازیی چاپکردن و هەر ئەمەش بە دایکی میدیای چاپکراو(بینراو) دادەنرێت، ئەمەش بووە هەوێنی دەرکەوتنی ڕۆژنامە و بۆ یەکەم جاریش ڕۆژنامە لە سەرەتای سەدەی حەڤدە لە ئەڵمانیا دەرکەوت (Rasul, 2006: 22&24).

کاریگەریی ڕۆژنامە کاریگەرییەکی هێواش و لەسەرخۆیە بۆ جەماوەر، زۆرجار بابەتە گرنگ و بنکۆڵکارییەکان، کە ورد و هێواش کاریان لەسەر دەکرێت، میدیا و ڕەگەزە میدیاییەکانی دیکەی وەک (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) دەستیان پێی ناگات، لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە، ڕۆژنامە لە ڕێگەی وێنە و کاریکاتێرەوە کاریگەریی زیاتر بە بابەت و بڵاوکراوەکانی دەدات.

ب- **ڕاگەیاندنی بیستراو:** ڕادیۆ یان ئێزگە هاوشانی ڕۆژنامە، دیاردەیەکی بەر لە دەرکەوتنی (تەلەڤزیۆن)ن، دوای چەند تاقیکارییەکی فیزیایی لەسەر شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان، بە کردەیی لە سەرەتای سەدەی بیست ڕادیۆ هاتە ناو جیهانی ڕاگەیاندنەوە، دەرکەوتنی ڕادیۆ بەربەستی نەخوێندەواری تێپەڕاند، کردنەوەی دەرگای ڕاگەیاندنی بیستراوبوو بە ڕووی ئەو کەسانەی نەخوێندەوار بوون و توانای خوێندنەوەی ڕۆژنامەیان نەبوو.

خەسڵەتی گرنگی ڕادیۆ جیاواز لە ڕۆژنامە ئەوەیە، کە بێ ئەوەی دواکەوتنی چاپ کاریگەری هەبێت دەتوانێت ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان بگوازێتەوە، هەروەها بەهۆی بچووکی قەبارەکەیەوە ئاسانە لە بەکارهێناندا، هەموو کەس ئاسان دەستیپێیدەگات، جیاواز لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن، لەبەر ئەوەی پشت بە هەستی بیستن دەبەستێت، لە هەموو جێگایەک لەناو ئۆتۆمبێل، لە کاتی کارکردن، ئامادەیە بۆ گوێلێگرتن، ڕادیۆ

جێگای بایەخ و سەرنجی وڵاتە هەژارنشینەکان و ئەو وڵاتانەیە، کە ڕێژەی خوێندەواری نزمە، لەبەر ئەوەی تێچووی کەمە ( Imhoof, 1983: 2).

**پ- ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو:** ئەمجۆرە لە ڕاگەیاندن (تەلەڤزیۆن)ی پێدەگوترێت، یەکێکە لە داهێنان و ئاژانسە گرنگەکانی ڕاگەیاندن لە سەدەی بیستەم، کە بەشدارییەکی کارا لە دابینکردنی زانیاری دەکات، تەلەڤزیۆن بەشداری لە کرانەوەی کۆمەڵگەدا دەکات، بەوەی بەها تەقلیدییەکان لەناودەبات و بەها نوێیەکان جێگایان دەگرنەوە.

تەلەڤزیۆن، وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بواری ڕاگەیاند و تەکنەلۆژیا،  بە بەراورد بە ڕۆژنامە و ڕادیۆ، گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە لە یەک کاتدا دەنگ و وێنە و جوڵە و ڕەنگ کۆدەکاتەوە (یوسف، ٢٠٠٦: ٧٦).

## ١-٤ زمانی ڕاگەیاندن

لەپاڵ ڕووداو و بابەتی ڕۆژنامەوانی، زمان کەرەسەی سەرەکیی ڕاگەیاندنە، بەو مانایەی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان، لە ڕێگەی زمانەوە ڕوحیان بە بەردا دەکرێت و دەنگدانەوە لە کۆمەڵگادا دروستدەکەن، بۆیە ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو لە ڕێگەی زمانی سەرکەوتووەوە دەناسرێت، بە پێچەوانەشەوە زمان لە ڕاگەیاندندا چەند بێهێز و نەشاز بێت، ئەوەندە ڕاگەیاندن بێ ڕۆڵ و کاریگەری دەمێنێتەوە.

زمانی ڕاگەیاندن (ڕۆژنامەگەری) لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، بە بیستن لە ڕادیۆکان و بە بینین و بیستن لە تەلەڤزیۆنەکان بەکاردەهێنرێت، تیایدا ڕاگەیاندنکاران پابەند دەبن بە بەکارهێنانی زمانێکی پتەو، بزاڤی زمانەوانی پەیدادەکەن و ڕۆژانە ئەو

بزاڤە دەبەنە پێشەوە، بە جۆرێک ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکارەکانی لەهەر هەواڵ و هەڵوێستێکدا دەبێت زیاتر زمانی بپژێت، بە خۆسازاندن لەگەڵ ڕووداو و هەواڵە نوێیەکان تەکنیکی نوێ دەهێننەکایەوە، کە لەگەڵ کاروانی بەرەوپێشەوەچوونی و پێشکەوتنی جیهانیدا بگونجێت، ئەو جیهانەی کە بەردەوام لە گۆڕاندایە و زمانی ڕاگەیاندنکاران زیاتر دەکاتەوە (بابان، ٢٠٠٢: ٣٠٣).

وەک چۆن میدیا بۆخۆی چەکێکی دووسەرەیە، بە جۆرێک دەکرێت ببێتە قوتابخانەیەک بۆ پەروەردە و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و چاکسازی، بە پێچەوانەشەوە دەکرێت ڕۆڵی نەرێنی ببینێت و پشکدارییەکی بەرچاو بکات لە بەلاڕێدابردن و تێکدان و دروستکردنی گەندەڵی، ئەمە بۆ زمانی میدیاش ڕاستە، بەو مانایەی ئەگەر زمانی میدیا ورد و بەدیقەت پاراو و ڕەوان بێت، دەبێتە سەرچاوە و فێرگە بۆ ڕاستەڕێبوونی زمان، بە جۆرێک دەکرێت ڕاگەیاندن ئیلهام بەخشبێت بۆ زمان تا سوودی لێ  ببینێت، بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی زمانی ناتەواو و پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی لە ڕاگەیاندندا سەرەڕای ئەوەی زمان دەشێوێنێت، بەڵکو فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەش دەخاتە بەر تیخ و مەترسیی گەورەوە (قادر، ٢٠١٣: ١٨٣).

زمانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگادا گرنگە، لەبەرئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە ڕاهێنانی ئازادی ڕادەربڕین و بیرکردنەوە دەکات، زمان پۆشاکی فیکرە، هەموو پێشکەوتنێک، کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات لە ڕێگەی بە دامەزراوەیی و بەهێزیی  زمانەوە دەنگدەداتەوە (زوبع، ٢٠١٨: ٦٠٢). ئەوەی زۆرینەی لێکۆڵەران لەسەری کۆکن و کۆدەنگییان لەسەری هەیە ئەوەیە، کە زمانی ڕاگەیاندن پێویستە زمانێکی بێ گرێوگۆڵ و سادە و پوخت و ڕەوان بێت، بە جۆرێک گوێگر لە هەر ئاستێکی ڕۆشنبیری و تەمەنێکدا بێت، کاتێک گوێدەگرێت یان دەیبینێت و دەیخوێنێتەوە، ئاسان لە

وشە و دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافەکان حاڵی ببێت، بەڵام بۆچوونەکان لەسەر زمانی ڕاگەیاندن جیاواز بوون، دابەشبوونێک هەبوو بەسەر دوو ئاڕاستەدا، بە جۆرێک بۆچوونێک پێیوایە، کە پێویستە زمانی ڕاگەیاندن زمانی شەقام بێت، (هەروەک هەندێک لە ڕاگەیاندنەکان دروشمی هەمیشە لەگەڵ شەقام)یان هەڵگرتووە، بۆچوونەکەی دیکە پێیوایە وا پێویست دەکات جیاوازییەک لەنێوان زمانی ڕاگەیاندن و زمانی شەقام و خەڵک هەبێت و زمانی میدیا زمانی ڕۆشنبیری و ئاستی باڵای نووسین بێت، بەڵام ئەم ڕایانە جێگایان نەگرت، پسپۆڕانی بوارەکە لەو نێوانەدا وەستان و بیریان لە هەڵبژاردنی زمانێک کردەوە، کە دەکەوێتە نێوان زمانی شەقام و زمانی ڕۆشنبیری، کە بە ڕەچاوکردنی جۆری ڕاگەیاندنەکە (نووسراو، بینراو یان بیستراو) دەگۆڕێت (ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ١٨٦-١٨٧).

ئەم ڕاجیاییە هەر بە تەنها لە وەسفکردنی زمانی ڕاگەیاندندا نییە، بەڵکو توێژەران لە دۆزینەوەی زاراوەیەکی دیاریکراو و کۆتایی بۆ واژەکە جیاوازن، بەوەی زاراوەی جۆراوجۆری زمانی سێیەم، وەک ئاماژەیەک بۆ زمانی نێوان نووسین و قسەکردن، زمانی نووسینی سەردەم، زمانی دواندنی ڕۆژانە و ...هتد-یان بۆ زمانی ڕاگەیاندن بەکارهێنراوە (قادر، ٢٠٢١: ٥٥).

### بەشی دووەم

### ٢-٠ شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە ڕاگەیاندندا، بەپێی دابەشکاریی لیچ

پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن لە ئاستی واتاسازیدا، پەیوەندییەکە گرێدراوە بە هەموو ئاستەکانی دیکەوە، بەوەی ئامانجی ڕاگەیاندن لە پێناو گەیاندنی واتایە، هەر وشە و ڕستە و فرێز و دەقێک لە

ڕاگەیاندندا لەپێناو گەیاندنی واتای مەبەست دەخرێتەڕوو، چونکە ئەگەر ناوەڕۆکی دەق و تێکستە هەواڵییەکان چ بە خوێندنەوە بە دەنگ یان نووسراو ڕووننەبن، ئەوا تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە ئاسان ناگاتە (گوێگر، خوێنەر) و پەیامەکە ئامانج ناپێکێت.

**٢-١ واتا:** چەمکی واتا وەک چەمکێکی بنجیی زمان سەیردەکرێت، لەو ڕوانگەیەوە، کە زمان نابێت بەبێ بوونی واتا (عەلی، ٢٠١٤: ٧٧). مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە هەر جوڵە و دەنگێکی دەربڕدراو پێویستی بە واتا دەبێت، پەیوەندیی واتا پەیوەندییەکی بەستراوەیە بە قسەکردنی ڕۆژانەی تاک، لەبەرئەوە تا مرۆڤایەتی هەبێت پێویستی واتا بوونی دەبێت و زانستی واتاسازی لەگەڵ ژیانی مرۆڤ ڕێدەکات، چونکە ناکرێت ئەو جوڵە و دەنگ و هێما و کەرەستانەی دەوروبەر بەبێ تێنەگەیشتن و لێکدانەوەی واتایی بەلاماندا تێپەڕ ببێت.

خاڵی هاوبەش لەنێوان زمان و ڕاگەیاندن لە پەیوەندیی نێوان گوتن و واتا بریتییە لە کایەی واتا، زمانەوانان بایەخ بە زانستی واتا (واتاسازی) دەدەن، هەروەها زانایانی ڕاگەیاندنیش گرنگی بە چوارچێوەی هاوبەش لەنێوان نێرەری پەیام و وەرگرەکە دەدەن، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن لەم چوارچێوە هاوبەشەدا دەرنەچێت و پەیامەکەی جێبەجێبکات، هەر بۆیە (گوتن-بێژە) خاڵی هاوبەشە، واتە دەرەتانی واتا لەنێوان زمان و ڕاگەیاندن بەرجەستە دەکات (الشریف-ندا، ٢٠٠٤: ٣٥). پەیوەست بە ڕاگەیاندنەوە لە ڕێگەی زانستی واتاسازییەوە، واتای وشە و ڕستە و دەقەکانی ناو ڕاگەیاندنەکان لێکدەدرێتەوە.

## ٢-١ جۆرەکانی واتا:

جۆرەکانی واتا چەندین پۆلێنکردنی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەریەک لە زمانەوانان و توێژەران لە ڕوانگەی بۆچوون و تێڕوانینی خۆیەوە ڕوانیویەتییە جۆرەکانی واتا، لە خوارەوە بەشێک لەو دابەشکارییانە نیشاندەدەین:

١-ئەحمەد موختار لە (علم الدلالة)دا پێنج جۆر واتای باسکردووە:

أ- واتای بنەڕەتی

ب- واتای گرتنەوە

پ- واتای شێوازی

ت- واتای دەروونی

ج- واتای ئاماژەیی (عمر، ١٩٩٨: ٣٦-٣٩).

٢-هادی نەهر لە (علم الدلالة الطبیقی فی التراث العربی) باس لە جۆرەکانی واتا دەکات لای زمانەوان و موفەسیر و ڕەخنەگرەکان و لە دیدی ئەمانەوە واتا بەسەر سێ جۆردا پۆلێنکراوە:

واتای فەرهەنگی

ب- واتای خواستراو

پ- واتای باروحاڵەت (حەسەن، ٢٠١٠: ١٣).

٣- زمانەوانی عەرەب (ئیبراهیم ئەنیس)، واتا دەکات بە چوار جۆر:

واتای فۆنۆلۆجی – Phonological Meaning

واتای مۆرفۆلۆجی - Morphological Meaning

پ- واتای سینتاکسی – Syntactic Meaning

ت- واتای فەرهەنگی - Lexical Meaning

٤- (کرۆز) باس لە دوو جۆر واتا دەکات، ئەوانیش:

أ- واتا ئازراندن (وروژاندن)یَ Propositional Meaning

ب- واتا دەربڕینیَ – Expressive Meaning

٥- زمانەوانی کورد (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) تەنها دوو جۆر واتای لە زمانی کوردیدا دەستنیشانکردووە:

أ- واتا ڕاستەقینەیی - Direct (proper) Meaning

ب- واتا مەجازی – Transferred Meaning (عەلی، ٢٠١١: ٣٠-٣١).

٦- (محەمەد مەعروف فەتاح) واتای بەمشێوەیە دابەشکردووە:

أ- واتای هۆشەکی

ب- واتای بابەتی

پ- واتای کێشەکی:

١- واتای لاوەکی

٢- واتای ویژدانی و شێوازی

٣- واتای بیرەکی و تێکەڵی (فەتاح، ٢٠١١: ١٦٠).

هەریەک لە (بێخاڵ عەبدوڵا و سازان ڕەزا) لە نامەی ماستەرەکانیاندا جۆرەکانی واتایان بەمشێوەیە دابەشکردووە:

٧- (بێخاڵ عەبدوڵا) لە دابەشکردنەکەیدا نزیکییەک دەبیندرێت لەگەڵ (لیچ)، بە جۆرێک جۆرەکانی واتای بە هەمان شێوەی (لیچ) بەسەر سێ جۆر دابەشکردووە، بەڵام لە جۆرەکانی واتای بارکراودا جیاوازی هەیە بەمشێوەیە:

أ- واتای هۆشەکی – Conceptual Meaning

ب- واتای بابەتی – Thematic Meaning

پ- واتای بارکراو :

١- واتای ڕاگەیاندن – Connotative Meaning

٢- واتای شێوازی – Stylistic Meaning

٣- واتای ڕەنگدانەوە – Reflected Meaning

٤- واتای کاریگەری – Affective Meaning

٥- واتای تێکەڵی یان هاوڕێیەتی– Colloctive Meaning (سعید، ١٩٨٩: ١٢).

٨- (سازان ڕەزا) جگە لەوەی، کە دابەشکارییەکەی (جۆن لاینز)ی خستووەتەڕوو، لەهەمان کاتدا خۆشی چوار جۆری سەرەکیی واتا و پێنج جۆری واتای بارکراوی بەمشێوەیە دیاریکردووە:

واتای چەمکی

ب- واتای دەروونی

پ- واتای شاراوە

واتای بارکراو:

١- واتای شێوازی – Stylistic Meaning

٢- واتای دروستکراو – Affective Meaning

٣- واتای ڕەنگدانەوە و هاوجێی- Reflected and collective meaning

٤- واتای پێوەلکێنراو – Associative meaning

٥- واتای بابەتی – Thematic meaning (معین، ٢٠٠٥: ١١).

٩- لەلای (جۆن لاینز) دوو جۆر واتای سەرەکی دەستنیشانکراوە، کە بریتین لە: (واتای وەسفی-هۆشەکی)، (واتای ناوەسفی-بارکراو) (دزەیی، ٢٠٠٩: ٣٣-٣٤).

لەپاڵ ئەو پۆلێنکردنانەی جۆرەکانی واتا، جۆرێکی گرنگی دابەشکردنی واتا هەیە لای (لیچ)، کە زۆربەی زۆری واتاکانی لەخۆگرتووە، بە جۆرێک واتای بەسەر حەوت جۆر ( Seven Types of Meaning) دابەشکردووە، کە سێ جۆری سەرەکی و یەکێک لەو جۆرە

سەرەکییانەی واتا، کە (واتای بارکراوە) بەسەر چەند جۆرێکی تر دابەشدەکات بەمشێوەیە:

**١- واتای هۆشەکی- Conceptual Meaning**

**٢- واتای بارکراو:**

أ- واتای ڕاگەیاندن - Connotative Meaning

ب- واتای کۆمەڵایەتی(شێوازی) - Social Meaning

پ- واتای کاریگەری(دەروونی- وروژاو) - Affective Meaning

واتای ڕەنگدانەوە- Reflected Meaning

ج- واتای هاوڕێیەتی- Collocation Meaning

**٣- واتای بابەتی- Thematic Meaning** (Leech, 1981:9).

زیاتر لەوەی باسکرا، قسە لەسەر جۆرەکانی واتا کراوە و زاراوەی جۆراوجۆری بۆ خراوەتەڕوو، بەڵام هەموو ئەم جۆرانەی واتا لە لێکدانەوە و پێناسەکانیان زۆرتر خاڵی هاوبەش و کەمتر جیاوازییان هەیە. لەناو جۆرەکانی واتادا، پۆلێنکردنەکەی (لیچ) وەک بنەما وەرگیراوە، چونکە زۆربەی زۆری واتاکانی لەخۆگرتووە و چارەسەری بەشێکی زۆری کەلێنە واتاییەکانی کردووە، بۆیە بە پشتبەستن بە دابەشکارییەکەی (لیچ) بۆ جۆرەکانی واتا، لێکدانەوە بۆ وشەی ناو دەق و تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان کراوە بەم شێوەیە:

**٢-١-١ واتای وەسفی (فەرهەنگی)ی وشە Conceptual meaning:** زیاتر لە هەموو جۆرەکانی تری واتا گرنگیپێدراوە و بە واتای (هۆشەکی، بنەڕەتی، چەسپاو...هتد)یش ناودەبرێت.

بە هۆیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ لەیەکترگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیرورا لەناو کۆمەڵدا، مەرجێکی ئەم جۆرەی واتا ئەوەیە، کە دەبێت قسەپێکەرانی لەناوخۆیاندا لەسەر واتای وشەکان ڕێکبکەون، وشە و واتاکان بەرانبەر یەکتر دەوەستن، بۆ نموونە (کوڕ، کچ، پیاو) قسەپێکەرانی هەر زمانێک واتا و بەکارهێنانەکانیان دەزانن، کە هەریەکێکیان بۆ مەبەستێک بەکاردەهێنرێن (عەلی، ٢٠١١: ٢١). وشەی ناو هەواڵ و تێکستەکانی ڕاگەیاندن، بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم جۆرە واتا فەرهەنگییەیان هەڵگرتووە. چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو:

| |
|---|
| ١- سێ ئەندامی داعش لە سلێمانی دەستگیرکران Rudaw (٢٠٢٢/٦/٨). |

لە هەواڵی (١)دا، وشەکانی ناو هەواڵەکە بەپێی یاسای ڕیزبوونی کەرەستە ڕێزمانییەکان ڕیزکراون و واتاکانیان ڕوون و ئاشکران، لە ئاستی ڕستەکەدا وەرگر سەرنجی بۆ لای وشەی (داعش) دەچێت، کە واتایەکی فەرهەنگی و ڕاستەقینەی هەیە و خاوەنی چەند سیمایەکی واتاییە، کە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرە بەم شێوەیە:

داعش= واتای فەرهەنگی
+ مرۆڤ
+ − موسڵمان
+ تەقینەوە
+ سەربڕین
− بەزەیی
+ تیرۆرست

**٢- پێشبینی دەکرێت نرخی نەوت بگاتە سەرو (١٤٠) دۆلار** KNN (٢٠٢٢/٦/٨).

لە هەواڵی (٢)دا، بە هۆی (بەرزبوونەوەی نرخەکەی) وەرگر سەرنجی بۆ لای وشەی (نەوت) دەچێت، وشەکە واتایەکی فەرهەنگی هەیە و خاوەنی چەند سیمایەکی واتاییە، کە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرە بەم شێوەیە:

نەوت= + دۆخی شلی
- خواردنەوە
+ فرۆشتن
واتای فەرهەنگی

**٣- دەستەی وەبەرهێنان فۆڕمی ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بڵاودەکاتەوە**

GK (٢٠٢٢/٦/٩).

**٤- دەستەی دەستپاکی گەندەڵییەکی گەورەی لە عێراق ئاشکرا کرد**

NRT (٢٠٢٢/٦/١٠).

وشەکانی ناو هەریەک لە هەواڵەکانی (٣، ٤)، بە واتای فەرهەنگیی خۆیان بەکارهێنراون، ئەمانە و چەندین هەواڵی دیکەی لەم شێوەیە، ڕۆژانە ڕاگەیاندنەکان بێ مەبەست و بارکردنی واتای دیکە لێیان لەناو تێکست و دەقە میدیاییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**٢-١-٢ واتای ناوەسفی (بارکراو)ی وشە:** ئەم جۆرەی واتا جێگیر نییە، بەو واتایەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە لە گۆڕاندایە، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و دابونەریتی کۆمەڵگا بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت، لەم جۆرەی واتادا، پێویستە واتا هۆشەکییەکە هەبێت و واتایەکی دیکەی زیادە بۆ مەبەستێکی دیکە لێ باربکرێت، مەرجیش نییە هەموو قسەپێکەرانی زمان لەسەر جۆری واتا ناوەسفی(بارکراو)ەکە کۆکبن، بەڵکو بەپێی هەستکردنیان بۆ وشەکە و بەکارهێنانی واتا ناوەسفییەکە دەگۆڕێت (سەرچاوەی پێشو: ٢٣-٢٤). لەبەر ئەوەی ئەم جۆرەی واتا پێویستی بە لێکدانەوەی دەوروبەر دەبێت، لێکۆڵینەوە پەسەندی ئەو بۆچوونە دەکات، کە لکی ئەم جۆرەی واتا دەچێتەوە ناو (پراگماتیک) (دزەیی، ٢٠٠٩: ٣٤)، چونکە هەندێجار ئەم جۆرەی واتا سنووری تێکەڵدەبێت لەگەڵ واتای پراگماتیک، ئەمەش کاتێک وشەکان بە مەبەستەوە بەکاردەهێنرێن واتاکانیان گرنگترە لە واتا هۆشەکییەکە، بەڵام سەرەڕای ئەوە واتای بارکراو بەبێ واتای هۆشەکی نابێت.

(لیچ) پێنج جۆری واتای لەژێر چەتری واتای بارکراودا کۆکردووەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرانەی واتا بە شێوەیەکی درشت نەبێت ناتوانرێت شیبکرێتەوە و بە وردی سنوور لەنێوانیاندا دابنرێت و بەپێی جیاوازیی تاقیکردنەوەی کەسی دەگۆڕێت و هەموو وشەیەکی زمان ئەمجۆرە واتایەیان تێدا نییە (سعید، ١٩٨٩: ١٤-١٥). بۆیە بەپێی بوونیان

له دەقی تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان چەند جۆرێکی واتای بارکراو دەخەینەڕوو:

**٢-١-٢-١ واتای ڕاگەیاندن Connotative Meaning:** ئەو واتا لاوەکییانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ واتا هۆشەکییەکە دێن، لە ئەنجامی بەکارهێنانەکەی لە ژیانی ڕۆژانەدا باشی و خراپیی واتاکەی لێکدەدرێتەوە، بۆ نموونە (کوندە پەپو) لە ڕووی واتای هۆشەکییەوە باڵندەیەکە، کە پێکهاتەی فیسیۆلۆجیی خۆی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواریدا واتای (شومی) لێبارکراوە، لە لای ئینگلیز واتای خۆشی و گەشبینی دەگەیەنێت (سەرچاوەی پێشو: ١٥). لەم جۆرەی واتادا پێویستە واتا فەرهەنگییەکە هەبێت و واتای دیکەی لێ باربکرێت، بۆ نموونە سیمای واتای فەرهەنگی (پەرلەمان) دیارە کە (+یاسا، +دیموکراسی، +مافی میللەت)، بەڵام دەکرێ ئەم واتا فەرهەنگییە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە بە پێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا بێت و واتای خراپی لێ باربکرێت، بە جۆرێک لە کۆمەڵگادا لای هەندێک لە خەڵکی هەرێمی کوردستان واتای خراپی (مەڕلەمان، تەویلە، شوێنی پارە کۆکردنەوە و کەسانی نەخوێندەوار...هتد)ی لێبارکراوە، لەکاتێکدا لای هەندێ کەسی دیکە ئەم واتا بارکراوە خراپە ناگەیەنێت، هەروەها لە سەردەمی دروستبوونیشی لەساڵی ١٩٩١ جگە لە واتا فەرهەنگییەکە واتای بارکراوی نەبووە.

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنە کوردییەکان دەردەکەوێت، کە ئەوە ڕاگەیاندنەکان نین ئەم جۆرە واتایە دەخەنە پاڵ واتا فەرهەنگییەکە، بەڵکو کۆمەڵگا و بەکارهێنانی وشەکان لە کۆمەڵگادا واتای باش و خراپی لێ باردەکرێت و دواتر لە ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێن، چونکە وشەی ناو تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندن دەبێت لە ڕووی پێدانی واتای باش یان خراپ بێلایەن بێت.

**٢-١-٢-٢ واتای کۆمەڵایەتی(شێوازی) Social Meaning:** ئەم جۆرە واتایە بە پێی باری (کۆمەڵایەتی، شوێنی جوگرافی، جۆری زمان و زار و دیالێکت) دەگۆڕێت، لەناو کۆمەڵ یان گروپێک لە خەڵک بە مانایک دێت، لەناو کۆمەڵێکی دیکەدا بە مانایەکی دیکە دێت ( Nikola zdravkovic, 2018: 7). بۆ نموونە: لە کرمانجی سەروو بە (پیاو) دەگوترێت (زەلام)، بەڵام ئەمە هەندێجار لە ناوچەی سلێمانی بە کەسێک دەگوترێت، کە (زلە و کارێکی ناپەسەند دەکات پێی دەڵێن: (دانیشە زەلام) یان (زەلامێکی زل و کەتەی بۆ وادەکەی)، ئەم وشەیە لەناو فارسدا (زەلام) بە واتای (گوێدرێژ-کەر) دێت، هەروەها بە پێی بارودۆخ و کات و پلە و پایە و شوێنی ڕەسمی یان نارەسمی دەگۆڕێت، وەک بەکارهێنانی وشەکانی (خاتوو، سەرۆک، فەخامەت، ڕێزدار، بەڕێز، جەناب...هتد) هەرچەندە ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو و بێلایەن پێویستە خۆی لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە بپارێزێت، بەڵام بەشێک لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان تا ئێستا لە بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەی ڕێزدارانە و گەورەکردن پاکنەکراونەتەوە، نموونەی چەند هەواڵێکی ڕاگەیاندنەکان، کە واتای کۆمەڵایەتی (شێوازی)یان هەڵگرتووە دەخەینەڕوو:

**١- <u>سەرۆک</u> بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی گشتیی کوەیت**

K24 (٢٠٢٢/٧/٢٦).

**٢- <u>سەرۆک</u> بافڵ جەلال تاڵەبانی پرسەنامەیەک ئاراستەی عەمید جەمال کەریم دەکات**
GK (٢٠٢٢/٥/٢٩).

له هەر یەکە لە هەواڵەکانی (١، ٢)دا وشەی (سەرۆک) بەکارهاتووە بۆ دوو بەرپرسی حزبی، کە هیچ پۆستێکی حکومییان نییە و دەگونجێت بە تەنها ناوەکانیان بنووسرێت، بەڵام ئەم جۆرە لە نووسینی وشەی سەرۆک لەپاڵ ناوەکانیان، کە جۆرێک لە ڕێزداری و گەورەیی نیشاندانەدات پێیان، لە جۆری واتای کۆمەڵایەتی (شێوازی)یە.

| |
|---|
| **٣- کۆسرەت رەسوڵ پرسەنامەیەک ئاراستەی <u>خانەوادە</u> و کەسوکاری <u>خاتو</u> نەغەدە شێخ عەزیز شێخ بابە عەلی دەکات** GK (٢٠٢٢/٨/١٢).<br><br>**٤- لەسەر ئەرکی <u>خاتوو</u> شاناز ڕێوڕەسمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی ڕەهەندەکانی عوسمان عەلی بەڕێوەچوو** GK (٢٠٢٢/٦/٢٢). |

لە هەواڵی (٣، ٤)دا، بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (خانەوادە) لەبری (خێزان) و (خاتوو) لە پێش ناوی (نەغەدە عەزیز) و (شاناز) جۆرێکە لە ڕێزداری و واتای کۆمەڵایەتی.

| |
|---|
| **٥- <u>خانمی یەکەمی</u> ئەمریکا تووشی کۆرۆنا دەبێت** Rudaw (٢٠٢٢/٨/١٦).<br><br>**٦- <u>خانمی یەکەمی</u> ئۆکرانیا دەڵێت، لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی نێوان روسیا و ئۆکرانیاوە نەیتوانیوە هاوسەرەکەی ببینێت** NRT (٢٠٢٢/٤/٢٩). |

بەکارهێنانی دەستەواژەی (خانمی یەکەم) لە بری ناوی (جیڵ بایدن) هاوسەری (جۆ بایدن) لە هەواڵی (٥) و (ئۆلێنا زێلێنسکا) هاوسەری (ڤۆلۆدیمیر زیلینسکی) سەرۆکی ئۆکرانیا لە هەواڵی (٦)، دەستەواژەیەکی ڕێزدارانەی ناو هەواڵی ڕاگەیاندنە کوردەییەکانە، کە جۆرێکە لە (واتای کۆمەڵایەتی-شێوازی).

بەدەر لە دەق و تێکستە هەواڵییەکانی ڕاگەیاندنەکان، لە بەرنامە و گفتوگۆی ڕاگەیاندنەکاندا، کاتێک پێشکەشکار گفتوگۆ لەگەڵ میوانی بەرنامەکەی دەکات، وەک نیشاندانی ڕێز دەستەواژەی (ئەگەر وەڵامەکەت بە کورتی بێت سوپاست دەکەم) لەبری (درێژدادڕی لە قسەکانتدا مەکە) بەکاردەهێنێت، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێزداریی (فەخامە-سەرۆک) لەلایەن میدیای یەکێتییەوە وەک دەستەواژەیەکی ڕیزدارانە لەپاڵ ناوی (مام جەلال).

**٢-١-٢-٣ واتای کاریگەریی (دەرونی) Affective Meaning:** ئەم واتایە بەستراوەتەوە بە باری دەروونیی قسەکەرەوە، لە قسەی ڕۆژانەدا بەکاردێت و کەسایەتیی قسەکەرەکە دەردەخات، هەروەها لە شێوازی نووسینی هونەری هۆنراوە و خەیاڵی ناو ڕۆمان و چیرۆکەکاندا بەکاردێت، ئەمەش بەپێی ئاسۆی بیری نووسەر یان شاعیرەکە دەگۆڕێت، چونکە پەنا دەباتە بەر دارشتن و نووسینی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەی کە لە دەروونیدا پەنگی خواردووە، ئەم جۆرە واتایە واتای (وروژا و هەست و سۆز)یشی پێدەگوترێت. (محەمەد، ١٩٩٠: ٥٤). بۆ نموونە: (شیوعییەکان) ناڵێن (یەکێتیی سۆڤیەتی جاران) جۆرێک لە نیگەرانیشیان هەیە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە ئەو ناوە بەکاردەهێنن، بەڵکو دەڵێن (یەکێتی سۆڤییەت، سۆڤییەت).

واتای کاریگەریی دەتوانرێت بە هۆی واتای هۆشەکی یان لاوەکی یاخود شێوازییەوە هەستی قسەکەر دەربڕێت بەرانبەر ئەو بابەتەی، کە لێی دەدوێت، ئەم جۆرەی واتا کەمتر لەناو دەق و تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان هەستپێدەکرێت، چونکە دەقی هەواڵ و تێکستی نووسراو هەڵگری هەست و سۆز نین، بەڵکو ئەوە زیاتر لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان بێژەر هەست و سۆزی تێکەڵ بە خوێندنەوە دەکات یاخود لە گفتوگۆی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا هەستپێدەکرێت، بۆ ئەم جۆرەی واتا لە سەرەتادا نموونەی گرافیکی هەر یەک لە کەناڵی (Rudaw) و (NRT)ی وەردەگرین، کە پێشکەشکارەکانیان پەنادەباتە بەر وشەی جیاواز و جۆراوجۆر تا لەو ڕێگەیەوە هەستی خۆیان بۆ بەهێزکردنی بابەتەکە پیشانبدەن.

**٧- عەلی حەسەن مەجید ئەندازیاری کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەنگی ئەوکاتەی تۆمارکراوە، وەک <u>جەللادێکی</u> دژەکورد دەڵێت: دەستیان لێ مەپارێزن هەمویان بە کیمیایی بخنکێنن...** Rudaw (٢٠٢٢/٣/١٦).

**٨- <u>ئەم عەلییە</u> سابیقەی هەبو لە عیبادەکردنی کورد، لەسەر ئەوە ناوی لێنرا عەلی کیمیایی، لە ٢٠١٠/١/٢٥ <u>بە زەلیلی و ڕیسوایی</u> لە سێدارە درا.**

Rudaw (٢٠٢٢/٣/١٦).

لە دەقی ژمارە (٧، ٨)دا، بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (جەللاد، ئەم عەلییە، بە زەلیلی و ڕیسوایی) واتای دەروونی (کاریگەری)یان تێدایە، کە هەستی قسەکەر بەرانبەر کارەساتی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە لە ڕێگەی ئەو دەستەواژانەوە بۆ گوێگر دەردەبڕێت.

**٩- ....کات ڕۆژی ٣١ی ئابی ساڵی (١٩٩٦)ە، هەولێر لەنێوان تاریکیی و ڕوونی بەرەبەیانێکی زو دایە.** NRT (٢٠٢٢/٤/٢٤).

لە دەقی ژمارە (٩)دا، دەستەواژەی (تاریکیی و ڕوونی) لەلایەن بێژەرەوە بە هەستێکی قوڵەوە دەردەبڕدرێت، وەک پیشاندانی هەستی قسەکەرە بەرانبەر خراپیی شەڕی ناوخۆی هەردوو حزبی پارتی و یەکێتی و واتای کاریگەری (دەروونی) تێدایە.

نموونەی ٢ هەواڵ دەخەینەڕوو، کە هەستی بێژەر بە ڕوونی تیایدا بەدیکرا بۆ وروژانی گوێگر

**١٠- دایکێکی موسڵاوی خەتەر دو منداڵی خۆی بەیەکەوە گرێداوە تا دەتوانێت بەپێڵاو لێیان دەدات دایکەکە ئەژدیهایەکی دوسەرە....** Rudaw (٢٠٢٢/٦/٢٤).

لە هەواڵی (١٠)دا، دەستەواژەی (ئەژدیهایەکی دوسەرە) لەلایەن بێژەرەوە بە هەستێکی قوڵەوە دەردەبڕدرێت، وەک پیشاندانی هەستی

قسەکەرە بەرانبەر خراپی ڕووداوی لێدانی دایکەکە لە منداڵەکانی، واتای کاریگەری(دەروونی) تێدایە.

**١١- کاردانەوەی سەردانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ تورکیا و بەریتانیا**

.(٢٠٢٢/٤/٢١) K24

لە هەواڵی (١١)دا، بەکارهێنانی دەستەواژەی (حکومەتی کوردستان) یان (سەرۆکی کوردستان) هەستی نووسەری هەواڵ دەردەخات، چونکە ئەگەر کاریگەریی دەروونی نووسەر بەسەر هەواڵەکەوە نەبێت، ڕاستییەکە ئەوەیە بەم شێوەیە بنووسرێت:

**کاردانەوەی سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و بەریتانیا.**

**٢-١-٢-٤ واتای ڕەنگدانەوە Reflected Meaning:** جۆرێک تێکەڵی و ئاڵۆزی لەم جۆرەی واتا دەبیندرێت، کە سنوورەکەی لەگەڵ واتا هۆشەکییەکە لای هەموو کەسێک بە ئاسانی جیاناکرێتەوە، هەر ئەوەشە وای لە (لیچ) کردووە باوەڕی وابێت، کە جۆرەکانی واتا بە هەر شێوەیەک دابەشبکرێن تێکەڵاو دەبنەوە لەگەڵ یەکتردا، بۆ نموونە: فۆڕمی ڕەنگی (سەوز و زەرد) جگە لە واتا فەرهەنگی و هۆشەکییەکەی، لە هەرێمی کوردستان واتایەکی لایەنداری وەرگرتووە و واتا هۆشەکییەکەی داپۆشیوە.

ئەمجۆرەی واتا زمانەوان (محەمەد مەعروف فەتاح) بە واتای (بیرەکی و تێکەڵی) ناوی بردووە، ئەم واتایە کاتێک دێتە کایەوە و دروستدەبێت، کە فۆڕمێک زیاتر لە واتایەکی هۆشەکی هەبێت، کە گوێمان لە یەکێکیان بێت ئەوی ترمان بیردێنێتەوە، بۆ نموونە، کە دەڵێین (پرسە) یەکسەر (شین و گریان و ناخۆشی و ڕەنگی ڕەش)ت دێنێتەوە یاد (فەتاح، ٢٠١١: ١٦٣). چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

**١٢- پلاسخارت: پێویستە دابەشبونی زۆنی سەوز و زەرد کۆتایی پێبهێنرێت**

KNN (٢٠٢٢/٥/١٧).

واتای فەرهەنگیی وشەکانی (سەوز) و (زەرد)، (ڕەنگ) دەگەیەنێت، بەڵام جگە لە واتا فەرهەنگییەکە، لە هەواڵی (١٢)دا، واتای دیکە لە ڕەنگی (سەوز) و (زەرد) بارکراوە، کە سیمای واتای بارکراوی تێدایە، بەم

سەوز= واتای فەرهەنگی: + ڕەنگ، − شین، + سەوز

سەوز= واتای ڕەنگدانەوە: + دو ئیدارەیی، + حزب، − پارتی، + یەکێتی، + سنور

زەرد= واتای فەرهەنگی: + ڕەنگ، − شین، + زەرد

زەرد= واتای ڕەنگدانەوە: + دو ئیدارەیی، + حزب، + پارتی، − یەکێتی، + سنور

شێوەیە:

**١٣- راگەیەندراوێکی <u>تورە</u> لە عێراقەوە لەبارەی کۆبوونەوەکەی دوێنێی هەولێر**

NRT (٢٠٢١/١١/٢٥).

| | | |
|---|---|---|
| تورە= | واتای فەرهەنگی | + مرۆڤ<br>+ گیاندار<br>+ ڕوح لەبەر<br>+- هەراش |
| تورە= | واتای ڕەنگدانەوە | + توند<br>+ ناکۆکی<br>+ شەڕ و ئاژاوە<br>- ئاشتی |

**١٤- مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق داوا لە هەموو دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان و پاسەوانانی سنوور دەکات....بەدواداچوون بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ بازرگانان و فرۆشیاران و بەکارهێنەرانی هۆشبەرەکان بکەن بۆ لەناوبردنی ئەم پەتایە، کە <u>پەلاماری</u> شیرازەی کۆمەڵایەتی داوە**

Rudaw (٢٠٢٢/٥/٣٠).

له دەقی هەواڵی (١٤)دا، واتای فەرهەنگیی وشەی (پەلامار) واتایەکی دیکەی لێ بارکراوە، کە سیما واتاییەکانی جیاوازە لە سیمای واتا فەرهەنگییەکە، بەم شێوەیە:

| | | |
|---|---|---|
| پەلامار= | + شەڕ<br>+ پێکدادان<br>- ئاشتی | واتای فەرهەنگی |
| پەلامار= | - شەڕ<br>- پێکدادان<br>+ - ئاشتی | واتای ڕەنگدانەوە |

هەواڵێکی دیکە دەخەینەڕوو، کە وشەی (پەلامار) بە تەنها بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە و هیچ واتایەکی دیکەی لێ بارنەکراوە، بۆ نموونە:

**١٥- کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە پەلامارەکەی سەر هەولێر**

K24 (٢٠٢/٦/٩).

هەواڵی (١٥)، مانشێتی هەواڵێکە، کە بە فڕۆکەی بۆمبڕێژکراوی جۆری (دڕۆن) هێرشی کراوەتە سەر ئۆتۆمبێلێک لە هەولێر، واتای وشەیی (پەلامار) بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، ئەمە دەرخەری ئەوەیە، کە مەرج نییە هەموو وشەکان واتایان لێ باربکرێت، بەڵکو هەر وشەیەک واتاکەی بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە تیایدا بەکاردەهێنرێت دەستنیشاندەکرێت.

واتای ڕەنگدانەوە کاتێک هەستیپێدەکرێت، کە یەکێک لە واتاکانی فۆرمەکە قەدەغە بێت بەهۆی بوونی فەسلەجەی جنسی (سێکسی)ییەوە،

ئەمەش وایکردووە، کە هەندێ فۆڕم وەک (خستنەسەر، تێ خزان، تێ هاویشتن و هاتنەوە و ...هتد) زۆرکەم بەکاربێن هەرچەندە یەکێک لە واتاکانی زۆر بێلایەنە، هەندێجار بەهۆی زۆر بەکارهێنان و ئاشنایی یەکێک لە واتاکانی فۆڕمەکە لەگەڵ باوەڕی قەدەغەکراودا واتا ئاسییە بێلایەن و قەدەغەنەکراوەکە لەناودەچێت. (فەتاح، ٢٠١١: ١٦٣). ئەم لایەنەی واتای ڕەنگدانەوە، کە هەڵگری فەسلەجەیەکی جنسی(سێکسی)یە، بەهۆی (عورف) بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کەمتر لەناو دەقی تێکستە هەواڵییەکاندا دەبینرێت، بەڵام هەندێجار بێژەری هەواڵ لە هەندێک لە ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا، بە مەبەست و بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر، پەنا بۆ ئەم جۆرە لە خوێندنەوەی تێکستی هەواڵەکان دەبەن، بەهۆی دەگمەنیی حاڵەتەکەشەوە بۆ نیشاندانی ئەم لایەنەی واتای بارکراو، چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

**١٦- حاجی برایم بێشانس ئەم پیاوەیە، بەم بێشانسییەی خۆیەوە تا ئێستا پێنج ژنی هێناوە، ڕەقەم پێنجەکەی ئەوەیە ست نورە خەڵکی دیوانییەیە، حاجی دەڵێت: ئەو ژنەم نەوعی نییە زۆرم بە دڵە بۆ هەمو شتێ پێی مورتاحم.....حاجی دەڵێ چوم بۆ حەج لەوێ بڕیارمدا یەکێکی تر بێنم ناسیاوێکم وتی تۆ بزانە شتەکە پێت دەکرێت..... حاجی بێشانس دەڵێ ژنەکەم ناوی نورایە، بەڵام بەخوا ئەوەندە بەشتی ترەوە لەگەڵی مەشغوڵبوم مەجالم نەبووە لێی بپرسم بە مەزبوتی خەڵکی کوێیە.....**

Rudaw (٢٠٢٢/٣/١٧).

لە هەواڵی (١٦)دا، هەریەک لە دەستەواژەکانی (ڕەقەم پێنج، هەموو شتێ، پێت دەکرێت، بەشتی ترەوە لەگەڵی مەشغوڵبوم) جگە لە واتا

هۆشەکییەکانیان، لەناو تێکستی هەواڵەکەدا واتایەکی دیکەی سێکسی لێبارکراوە، کە لە جۆری واتای ڕەنگدانەوەن.

**١٧- ئەم کچە ئەرجەنتینییە چووتە دوکانێکی ئایسکرێم وتویانە ماسکت پێوە نییە، جلەکەی داکەند و لەسەرەوە خۆی داپۆشی و لە خواریشەوە خۆی بڵاوکردەوە خەڵکی مەنتیقەکەی هەمو خەنیکرد.** Rudaw (٢٠٢٢/٨/٧).

**١٨- لە ئێران تلیاک کێش و دەرمان خواردن گەیشتووەتە منداڵانیش.... جەمعی حەشیش خۆر ژنیشیان تێدایە لەگەڵ ئەرباب خەریکی دەمەتەقێن جاروباریش مژێکی لێدەدەن.** Rudaw (٢٠٢٢/٦/٢٣).

هەواڵی (١٧، ١٨) نموونەی هەواڵێکی دیکەن، کە وشەی (داکەند)، دەستەواژەی (خۆی بڵاوکردەوە، خەڵکی مەنتیقەکەی هەمو خەنیکرد) و (مژێکی لێدەدەن) جگە لە واتای هۆشەکی وشە و دەستەواژەکان، کە هەڵگری سیمای واتای فەرهەنگین، هاوکات واتای سێکسییان لێبارکراوە، کە لە جۆری واتای ڕەنگدانەوەن، ڕیزکردنی کەرستەکان و ئەداکردنی بێژەر لە خوێندنەوەی هەواڵەکەدا ڕوون و ئاشکرا بە جۆرێک بوو تا واتا سێکسییەکە بە ڕوونی بگاتە گوێگر.

**٢-١-٢-٥ واتای هاوڕێیەتی Collocation Meaning:** پەیوەندیی هاوڕێیەتیی وشەیەکە لەگەڵ وشەیەکی تردا، یاخود بەدوای یەکداهاتنی

وشە لە سنووری ڕستەدا، بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو پێی دەگوترێت واتای هاوڕێیەتیی وشە، ئەم جۆرە واتایە پەیوەندییەکی شوێنی ئاسۆییە لە ئەنجامی هاوبەشیکردنی وشەیەک لەگەڵ چەند وشەی تردا پەیدایدەکات، بۆ نموونە واتای (میاواندن) لەگەڵ (پشیلە)، (وەڕین) لەگەڵ (سەگ)، (قۆز) لەگەڵ (کوڕ) و (جوان) لەگەڵ (کچ) ڕووندەبێتەوە، هەروەها هەردوو وشەی (باش و چاک) لە هاوواتا دەچن، بەڵام لە واتای هاوڕێیەتی لەیەک جیاوازن وەک: ١- بەیانیت باش. ٢- بەیانیت چاک.

ڕستەی دووەم نائاساییە و پەیوەندیی هاوڕێیەتی (چاک) لەگەڵ (بەیانی) نایەت، لەگەڵ (باش)دا دێت (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٢). ئەم جۆرەی واتا جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی واتا و بە تایبەت لەگەڵ واتای ڕەنگدانەوە ئەوەیە، کە ئەم جۆرەی واتا لە فرێز و (ئێمە دەڵێین لە ڕستەشدا) دەردەکەوێت، بەڵام واتای ڕەنگدانەوە لە وشەدا دەردەکەوێت (سعید، ١٩٨٩: ١٩). جگە لە لایەنی سێکسی واتای ڕەنگدانەوە لە فرێزیشدا دەردەکەوێت.

بۆیە "زۆرجار ڕستە بە دانەی سەرەکیی واتا دادەنرێت، واتای فەرهەنگیی وشەکان بەشێک لە واتای ڕستە پێکدێنن و بەشەکەی تری لە ڕیزکردن وەردەگرێ، ئینجا ئەو ڕێسایانەی، کە ڕستەیان لێ پێکدێت یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتادار و بێواتا لەیەک جیابکەینەوە" (دزەیی، ٢٠١٤: ١٥٩). هەروەها دەبێت بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- لێکۆڵینەوە لە واتای وشە سەربەخۆکان نەک ئەرکەکانیان.

٢- لێکۆڵینەوە لە واتای فەرهەنگی و ئاسایی وشەکان نەک واتای نائاسایی.

٣- واتای وشەکان لەناو ڕستە دوو پەیوەندی هەیە:

آ- وشە وەک ئاماژەیەک پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە هەیە.

ب- وشە پەیوەندی بە ناوەوەی وشەکانی ناو ڕستە هەیە.

زمانەوانان پێیانوایە بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە دەبێت ئەم دوو پەیوەندییەی ڕستە تەواوکەری یەکتربن، بەڵام دەبێت زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان وشەکان بکرێتەوە (سەرچاوەی پێشو: ١٥٩-١٦٠). هەندێ ڕیزبوونی وشەی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان، کە واتای ڕستەکان پێکدەهێنن، کێشەی پەیوەندیی هاوڕێیەتییان لەگەڵ دانە زمانییەکانی ناو ڕستەکەدا هەیە و لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێن، ئەمەش لێڵی و ناوێزەیی لە واتادا دروستدەکەن، چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

**١٩- لە کەرکوک بەهۆی <u>دەمەقاڵە</u>ی نێوان دو هاوسەرەوە، ژنەکە گیانی لەدەستدا**

KNN (٢٠٢٢/٥/٥).

وەک پێشتر ڕوونکرایەوە، کە واتای فەرهەنگیی وشەکان بەشێکن لە واتای ڕستە و بەشەکەی دیکەی واتای ڕستە لە ڕیزبوون و هاوڕێیەتیی کەرەسەکان بەپێی گونجانی لۆجیک بەدەستدێن، ئەمە پێمان دەڵێت، هەرچەندە ئەگەر ڕستە و دەقێک لە ڕووی سینتاکسییەوە دروستبێت، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکییەوە دروست نەبێت، ئەوا ناوێزەیی و لێڵی لە واتادا دروستدەکات، هەواڵی (١٩) مانشێتی هەواڵێکە، کە وشەی (دەمەقاڵە) لەناو ڕستە هەواڵییەکەدا لۆجیکی نییە، بەوەی (دەمەقاڵە) پەیوەندیی

هاوڕێیەتی لەگەڵ (گیانلەدەستان، مردن، کوشتن) نییە، هەرچەندە هەواڵەکە لە ڕووی سینتاکسییەوە دروستە، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکییەوە بە دروست دانانرێت، چونکە کاتێک سەیری ناوەڕۆکی ئەو چیرۆکە هەواڵە دەکەیت، واتاکەی زۆر جیاوازە لە مانشێتەکە، بەوەی کە هۆکاری گیانلەدەستدانی ژنەکە خنکاندنی بووە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە.

**٢٠- تەندروستی کەرکوک بە<u>هێزی سەربازی</u> ڕوبەڕوی ڤایرۆسی تای خوێن بەربون دەبێتەوە** KNN (٢٠٢٢/٥/١٢).

فرێزی ناویی (هێزی سەربازی) لەناو هەواڵی (٢٠)دا، پلەی گونجان و هاوڕێیەتی لەگەڵ ڤایرۆسی (تای خوێن بەربون) لە ڕووی واتاییەوە لۆجیکی نییە، چونکە کەرەسەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە هێزی سەربازی نییە، بەڵام کاتێک سەیری ناوەڕۆکی چیرۆکە هەواڵەکە دەکەیت، جوڵاندنی هێزی سەربازی بۆ ڕێگریکردنە لە سەربڕینی ئاژەڵ و فرۆشتنی گۆشت لە دەرەوەی ڕێنمایی و یاساکان.

**٢١- لەوەتەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١/١٠/١٠ پەسندکراون، زیاتر لە١٠ دەستپێشخەری ڕاگەیێندراون، بەڵام هیچیان لێ <u>شین نەبووە</u>**

Rudaw (٢٠٢٢/٦/٧).

لە ڕووی واتای ڕێزمانییەوە، کرداری (شین نەبون) لە دەقی هەواڵی (٢١)دا، کەرەسە و کرداری تەک (کۆبوونەوە و دەستپێشخەری سیاسیی) نییە، بەڵکو کرداری (شین نەبون) پەیوەندی هاوڕێیەتیی لەگەڵ (گژوگیا،

ڕوەک و سەوزە...هتد)یە، بەڵام بەهۆی لێکدانەوەی دەوروبەر (بەکارهێنانی پراگماتیکییانە)ەوە، سیمای واتایی وشەکەی لەناو ڕستەکەدا واتابەخشکردووە، بەوەی کرداری (شین نەبون) واتای (بێ ئەنجامبون)ی پێبەخشراوە.

**٢-١-٣ واتای بابەتی Thematic Meanin**: لەم جۆرەی واتادا واتای فۆرمیی وشەکان سینتاکسییە و لەناو ڕستەدا دەردەکەوێت، قسەکەر بەپێی گرنگیی کەرەستەکان پاش و پێش دەخات و ڕیزیان دەکات، بۆ گەیاندنی مەبەستێکی تایبەتی، کە لەگەڵ مەبەستەکەی خۆیدا بگونجێت و سەرکەوتووبێت لە گەیاندنی واتای مەبەست، بە جۆرێک کام کەرەسە بەلایەوە گرنگ بێت دەیهێنێتنە پێشەوە (سعید، ١٩٨٩: ٢٠). هەر زمانێک ڕیزبوونی خۆی هەیە بۆ کەرەستەکان، لە زمانی کوردیدا ڕیزبوونی کەرەستەکان بەم شێوەیەیە: **(بکەر + بەرکار + کار)** ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە ئاڵوگۆڕکردنی ئەم ڕیزبوونە سینتاکسییە هەموو کاتێک واتا دەشێوێنێ، بەڵکو هەندێجار قسەکەر بە پێی گرنگی، بابەتی گرنگیپێدراو پێشدەخات و واتای ڕستەکەش ناشێوێت، پەیوەست بە ڕاگەیاندنەوە ئەم جۆرەی واتای بابەتی لە دەق و تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان دەبینرێت، بە جۆرێک بە مەبەست ئەو بابەتەی دەیانەوێ گرنگی پێبدەن پێشی دەخەن، چەند نموونەیەکی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان، کە واتای بابەتییان هەڵگرتووە دەخەینەڕوو:

| |
|---|
| **١- لە ناو زانکۆی سلێمانیدا سەگی بێلانە پەلاماری کچێکی دا** |
| NRT (٢٠٢٢/٥/٩). |

لە هەواڵی (١)دا، شوێنی پەلاماردانی سەگەکە پێشخراوە، کە زانکۆی سلێمانییە، ئەگەر پەیڕەوی ئاسایی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەکە بکرێت و بکەر (سەگی بێلانە) پێشبخرێت و بەم شێوەیە دەنووسرێت: **(سەگی بێلانە لە ناو زانکۆی سلێمان پەلاماری کچێکی دا)**، کە هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنێت، بەڵام بەم پاش و پێشخستنەی ڕیزبوونی کەرەستەکان، دوو ڕۆنانی جیاوازمان دەستدەکەوێت و هەریەکە لە ڕستە هەواڵییەکان وەڵامی وشەیەکی پرس دەدەنەوە و دەبن بەجێگای بایەخی بینەر و بیسەر بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| **لەناو زانکۆی سلێمانیدا سەگی بێلانە پەلاماری کچێکی دا.** | وەڵامە بۆ وشەی پرسی (لەکوێ). |
| **سەگی بێلانە لە ناو زانکۆی سلێمانی پەلاماری کچێکی دا.** | وەڵامە بۆ وشەی پرسی (چی). |

ئەم تەکنیکی ڕیزکردنی کەرەستەیە لە هەواڵی(١)دا، کە واتای بابەتی تێدایە، کەناڵی (NRT) مەبەستییەتی ئەو بیر و واتایە بگەیەنێت، کە (نابێت لەناو زانکۆ سەگ هەبێت)، بۆیە ئەم جۆرە ڕۆنانەی هەڵبژاردووە.

**٢- مەسرور بارزانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە مستەفا کازمییەوە پێگەیشت**

K24 (٢٠٢٢/٦/٩).

هەواڵی (٢) گرنگی بە ناوی (مەسرور بارزانی) دراوە و هێنراوەتە سەرەتای هەواڵەکە، لەکاتێکدا بکەری ڕستە هەواڵییەکە (مستەفا کازمی)یە، ئەگەر پەیڕەوی ڕیزکردنی ئاسایی ڕستە بکرێت، ناوی (مستەفا کازمی) پێشدەخرێت و بەم شێوەیەش دەنووسرێت:

**(مستەفا کازمی بە تەلەفون پەیوەندی بە مەسرور بارزانییەوە کرد)**

ئەم شێوە ڕیزبوونەش هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنێت، بەڵام نووسەری هەواڵ ئەو جۆرە ڕیزبوون و ڕۆنانەی هەڵبژاردووە بۆ گەیاندنی مەبەستی هەواڵەکە بەو شێوەیەی، کە ڕاگەیاندنەکەی بە گرنگی دەزانێت بیگەیەنێت بە بینەر و بیسەر، نموونەی چەند هەواڵێکی دیکە، کە واتای بابەتییان تێدایە دەخەینەڕوو:

**٣- کۆبوونەوەی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی و سەرۆک مەسعود بارزانی لە پیرمام دەستیپێکرد**
GK (٢٠٢٢/٨/٤).

**٤- کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی و بافڵ تاڵەبانی دەستیپێکرد** K24 (٢٠٢٢/٨/٤).

هەواڵی (٣، ٤) نموونەی یەک هەواڵن، کە ڕاگەیاندنی دوو لایەنی سیاسی، بەپێی گرنگییان بۆ هەواڵەکە و بەو شێوەیەی، کە مەبەستیانە دەرکەوتووتر سەرۆکی حزبەکەیان پیشانبدەن ناوەکانیان پێشخستوون، بە جۆرێک هەواڵی(٣)، هی کەناڵی گەلی کوردستانی زمانحاڵی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ە، ناوی (بافڵ تاڵەبانی) سەرۆکی حزبەکەیان پێشخستووە و هەواڵی (٤)، کە هی کەناڵی (K24)ی نزیک لە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە ناوی (مەسعود بارزانی) سەرۆکی حزبەکەیان پێشخستووە، نموونەی هەواڵێکی دیکەی هەمان دوو ڕاگەیاندن کە واتای بابەتییان هەڵگرتووە دەخەینەڕوو:

**٥- مەكتەبی سیاسی یەكێتی و پارتی كۆدەبنەوە** GK (٢٠٢٢/٥/٢٥).

**٦- ئەمڕۆ مەكتەبی سیاسی پارتی و یەكێتی لە هەولێر كۆدەبنەوە**

K24 (٢٠٢٢/٥/٢٥).

## ئەنجام

١- واتای فەرهەنگیی وشە، زیاتر لەو هەواڵانەدا بەرچاودەكەون، كە خەسڵەتێكی ئاسایی هەیە بۆ ڕاگەیاندنەكە و واتای دیكەیان لێ بارناكەن، بەڵكو وشە و واتاكە بەرانبەر یەكتر دەوەستن، ئەم جۆرە لە واتای وشە لە ڕاگەیاندنێكەوە بۆ ڕاگەیاندنێكی دیكە جیاوازە، بە جۆرێك یەك دەقی هەواڵ لە ڕاگەیاندنێك وشەكانی بە واتای فەرهەنگی و لە ڕاگەیاندنێكی دیكە واتایان لێ باردەكەن.

٢- مەرج نییە سەردێڕ و دەقی هەواڵیی ڕاگەیاندنەكان هەڵگری هەموو جۆرەكانی واتا بن، بۆ نموونە: (واتای ڕاگەیاندن) لەو جۆرانەی واتای باركراوە، كە ڕاگەیاندن ئەو جۆرە واتایە ناخاتە پاڵ واتا فەرهەنگییەكە، بەڵكو كۆمەڵگا و بەكارهێنانی وشەكان لە كۆمەڵگادا واتای باش و خراپی لێ باردەكەن و دواتر لە ڕاگەیاندندا بەكاردەهێنرێن، چونكە وشەی ناو تێكستی هەواڵی ڕاگەیاندن دەبێت لە ڕووی پێدانی واتای باش یان خراپ بێلایەن بێت.

٣- هەرچەندە ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو و بێلایەن پێویستە خۆی لە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە بپارێزێت، بەڵام بەشێک لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان، بە تایبەت ئەوانەی نزیکن لە حزب و کەسە سیاسییەکان، تا ئێستا لە بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەی ڕێزدارانە و گەورەکردن پاکنەکراونەتەوە و واتای کۆمەڵایەتی (شێوازی) بەکاردەهێنن.

٤- واتای کاریگەری(دەروونی) بە شێوەیەکی زۆر کەم لەناو دەق و تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنە کوردییەکان هەستپێدەکرێت، چونکە دەقی هەواڵ و تێکستی نووسراو هەڵگری هەست و سۆز نین، بەڵکو ئەوە زیاتر لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵەکان بێژەر هەست و سۆزی تێکەڵ بە خوێندنەوە دەکات، یاخود لە گفتوگۆی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا هەستپێدەکرێت.

٥- واتای ڕەنگدانەوە، کە هەڵگری فەسلەجەیەکی جنسی(سێکسی)یە، بەهۆی (عورف) بارودۆخی کۆمەڵایەتی، کەمتر لەناو دەقی تێکستە هەواڵییەکاندا دەبینرێت، بەڵام هەندێجار بێژەری هەواڵ لە هەندێک لە ڕاگەیاندنە کوردییەکان، بە مەبەست و بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر، پەنا بۆ ئەم جۆرە لە خوێندنەوەی تێکستی هەواڵەکان دەبەن.

٦- واتای بابەتی لە دەق و تێکستی هەواڵی ڕاگەیاندنەکان دەبینرێت، بە جۆرێک بە مەبەست ئەو بابەتەی دەیانەوێ گرنگیپێبدەن و بەو شێوەیەی، کە دەیانەوێت بیگەیەنن بە بینەر و بیسەر پێشی دەخەن.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

- بابان، شێرکۆ، (٢٠٠٢)، زمانی ڕۆژنامەگەریی و هەڵسوڕاندنی هەواڵ، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە ٩.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، (٢٠٠٩)، کاریگەریی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، "لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە"، چاپی یەکەم، دەستگای ئاراس، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

- سعید، بێخاڵ عەبدوڵا، (١٩٨٩)، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- حەسەن، فەرهاد تۆفیق، (٢٠١٠)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێک دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

- حەسەن، فەرهاد تۆفیق، (٢٠١٥)، زمان لەڕیکلامی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

- کەرکوکی، حەبیب، (٢٠٠٨)، پێشەکییەک بۆ زانستی ڕاگەیاندن، و.ڕابەر ڕەشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- محەمەد، عەبدوڵڵا عەزیز، (١٩٩٠)، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- معین، سازان رەزا، (٢٠٠٥)، واتاو دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

- مەکاوی-ئەلشەریف، حەسەن عیماد-د.سامی، (٢٠١١) بیردۆزەکانی ڕاگەیاندن، و. ڕابەر ڕەشید، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

- مەحویی-سەعید، محەمەد-محەمەد ئەحمەد، (٢٠١١)، شیکردنەوەیەکی زمانەوانیی دووەقی شیعریی مەولەوی و مەحویی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣١)، بەشی B.

- ناوخۆش، سەلام، (٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زماننناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

- عەلی، تالیب حوسێن، (٢٠١١)، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- عەلی، تالیب حوسێن، (٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

- عەلی، شێرزاد سەبری، (٢٠١١)، واتا دناڤبەرا سیمانتیک و پراگماتیکێدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

- عەبدوڵلا، مهاباد کامل، (٢٠١٥)، زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٥) بەرگی دووەم.

- عمر-صابر، تەلار صباح، شادان شکر، (٢٠١٧)، ڕۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر فەرهەنگی زمان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٤٤).

- فەتاح، محەمەد مەعروف، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

- قادر، زیاد ڕەشاد، ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە گەشەکردنی ڕێنوسی لاتینی، کۆنفرانسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەردە-میدیا)٢٠١٢، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر/٢٠١٣.

- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین، (٢٠٢١)، نەبونی ڕاگەیاندنی نیشتمانی و کاریگەری لەسەر زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە ٤، بەرگی ٦.

- ڕەسوڵ، د.هێرش، (٢٠١٣)، ئێتیک و یاسا لە میدیای کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

- الشريف-ندا، آ.د.سامي-د.آيمن منصور، (٢٠٠٤)، اللغة الاعلامية، مفاهيم- الآسس- التطبيقات، كلية الاعلام- جامعة القاهرة.

- زوبع، آ.م.د. باسم رشيد، (٢٠١٨-٢٠١٩)، دور اللغة الاعلامية فى رفع المستوى الثقافى للمجتمع، الجامعة العراقية، عدد خاص بالمؤتمرات.

- يوسف، حنان، (٢٠٠٦)، تكنولوجيا الاتصال و مجتمع المعلوماتية، الطبعة الثانية، أطلس للنشر والانتاج الاعلامي.

- عمر، احمد مختار، (١٩٩٨)، علم الدلالة، مكتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، القاهرة.

**سێیەم: بە زمانی زمانی ئینگلیزی:**

- Ortega, L. (2009), Understanding second language acquisition, London, Hodder Education.

- Oxford Advanced Learner's Dictionary, 2005, Seventh ed.

- Rasul, Kwa Abdul Kareem, (2006), The syntax of Journalism with Refernce to English and Kurdish, salahaddin University – Erbil, Master Degree

- Imhoof, Maurice, The Use of Radio in Educational Developmcrt: Where Are We Nov?, "Communication, Mass Media and Development" Research Conference, Northwestern University, 1983.

– Leech, Geoffrey. (1981) Semantics. The Study of Meaning. Second edition –revised and updated. Harmondsworth: Penguin Books.

- Nikola Zdravkovic,2018, The Meaning of Meaning: Leech's Seven Types of Meaning in Comparison to Palmer's and Lyons' Approaches. https://www.researchgate.net/publication/335272788

**چوارەم: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:**

- Rudaw
- NRT
- KNN
- K24
- GK

**الملخص**

في هذا البحث، يتم فحص أنواع المعنى وفقًا لتقسيم ليج في نصوص الأخبار الإعلامية وعلاقة اللغة والاعلام على مستوى الدلالة علاقة متينة ، لأن المهمة الأولى للعمل الاعلامي هي لايصال المعنى الذي يهدف إليه الاعلام، حيث أن هدف الكلمة والجملة والجذر واي نص اعلامي هو المعنى المقصود، المقاصد التي عن طريق الاخبار الاعلامية تم التفسير لها والتعبير عنها. يحتوي وبالرُغمِ من وجود الكثير من البحوث وتحاليل الكثيرة ل (أنواع الدلالة) إلا أن التفسير وتحليل لأنواع الدلالة في الاعلام بحسب توزيعات (ليج) جديد من نوعه.

## Abstract

In this paper, the types of meaning according to Leach's division in media news texts are examined. The relationship between media and language on the basis of meaning is highly witnessed because media's priority is to deliver this meaning which is the media's goal. This every single word, sentence, phrase and text within media is to convey the purpose of meaning. The meaning and purpose of the news has been analyzed and studied depending on various semantic ways.  However, the classification and semantic meaning types have been written about, but the analysis and making research about the kinds of meaning in the media according to Geoffrey Leech is a new work.